مێتا خزمەتگوزارییەک بۆ بەکارهێنەرانی فەیسبووک و ئینستاگرام لە ئەورووپا دابین دەکات



ئەمڕۆ دووشەممە،کۆمپانیای "مێتا"ـی ئەمەریکی رایگەیاند، بەکارهێنەرانی یەکێتی ئەورووپا و سویسرا و تەواوی ناوچەی ئابووری ئەورووپا بەتایبەت "ئایسلەندا و نەرویج و لیختنشتاین" دەتوانن "لە نێوان بڕدوامبوون لە بەکارهێنانی ئەو دوو سەکۆیە "فەیسبووک و ئینستاگرام" بخەنە لاگۆ ڕێکلامە کەسییەکان هەبژێرن" یان "هاوبەشی بکەن بۆ ئەوەی چیتر ڕێکلامەکان نەبینن."

نرخی بەشداریکردن مانگانە 9.99 یۆرۆیە بۆ ئێکاونتەکیان لە ئینستاگرام یان فەیسبووک لە کۆمپیوتەردا، هەروەها 12.99 یۆرۆیە بۆ ئێپڵیکێیشنی دوو سەکۆکە لەسەر مۆبایلە زیرەکەکان.

ئەو بەکارهێنەرانەی کە ڕەزامەندییان لەسەر کەکردنەوەی زانیارییە کەسییەکانی مێتا نییە بۆ مەبەستی ئامانجکردنی ڕێکلام، دەتوانن بۆ سوودوەرگرتن لە سەکۆکانی "مێتا" بەهەڕ پارەیەک بدەن.

هەردوو کۆمپانیای مێتا و گوگڵ ئیمپراتۆریەتکانیان لەسەر ئەم شێوازە دامەزراندووە، کە چەندین ملیار بەکارهێنەر دەکەنە ئامانج بۆ ڕێکلامە ورد و کەسییەکان بۆ بەکارهێنانی ئەو زانیارییە کەسییانەی کە کۆمپانیاکان لەبارەیانەوە کۆیان دەکەنەوە.

لەبەرامبەردا یەکێتی ئەورووپا ماوەی چەند ساڵکە دژی بەدواداچوون بۆ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بۆبە ڕەزامەندی یەکێتییەکەیان شێ دەکات، سەرەتا لە ڕگەی یاساکانی پاراستنی

زانیارییەکانی ئەورووپا لە ساڵی 2016 و دواتر لە ڕێگەی یاسای بازاڕە دیجیتاڵییەکانەوە کە هاوینی ئەمساڵ کۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەم شێوەیە سەکۆ دیجیتاڵییە پێیوەندیدارەکان تا 6ـی ئاداری 2024 مۆڵەتیان هەیە بۆ پابەندبوون بەم پابەندبوونە نوێیانە.